# هەڕەشەی توركیا لە كوردستان بە ئەمریكا ناكام ناكرێتەوە

**ئاسۆ كمال**

asokamal@yahoo.com



هەڕەشەی توركیا بۆ سەر كوردستان یەكێك لە ئاكامەكانی شكستی ئەمریكا لەعێراقدایە. حكومەتی شۆڤینستی توركیا خۆی لە بۆسەدا داناوە تاكو كەڵك لە شكستی ئەمریكا ببینێ لەعێراقدا و بۆیە ماوەیەكە كەوتۆتە پشتیوانی كردنی هێزە سونەكانی عێراق و خۆئامادەكردن بۆ دەستیوەردان لە وەزعیەتی عێراق. ستراتیژی توركیا بریتیەیە لە پەیداكردنی شوێن پێیەك لە عێراقدا تاكو بتوانێ دەوری لەناوچەكەدا بكاتە وەسیلەیەكی فشار لەسەر لایەنە نیودەولەتیەكان و گێڕانەوەی دەورانی سەروەری سوپای توركیا و جیگاوشوێنی لای ناتۆ وەك لەكاتی دەورانی جەنگی ساردا بەهرەمەند بوو لێی.

ئەمریكا لەوەزعیەتیكدا نیەیە لە ئێستادا كە مەرجەكانی خۆی بەسەر توركیادا بسەپێنێ و بگرە هەڕەشەی دەستدرێژی توركیا بۆ سەر كوردستان كراوەتە فشارێك بەسەر ئەمریكاوە كە حكومەتی توركیا لەڕێگەیەوە دەیەوێت بەدەستی ئەمریكا خواستەكانی جێبەجێبكرێ. داوا لەسەر دەوڕپیدانی توركیا لە دیاریكردنی چارەنوسی كەركوكدا و نەهێشتنی پەكەكە و گۆڕینی دەستور و بەهێزكردنەوەی حكومەتی مەركەزی عێراق، ئەو دەستدرێژیە سیاسیانەی توركیایە كە لەپیناویدا شمشیری لەشكركێشی سوپای توركیای بۆ بەرزكراوەتەوە.

توركیا لە تیكچوونی وەزعی ناوخۆی خۆی دەترسێ بەهۆی كاریگەری بارودۆخی كوردستانی عیراق لەسەر مەسەلەی كورد لە توركیا وناوچەكەدا و هەربۆیە تیكچوونی وەزعی عیراق وشكستی ئەمریكا بەفرسەتی بەستنی دەرگای ئەم "خەتەر"ەی مەسەلەی كورد دەزانێ بۆ سەرخۆی . بەتایبەت لە كاتیكی واپەشێودا دەتوانێ خۆی لە فشاری یەكێتی ئەوروپادەربازبكات.

راپۆرتی بەیكەر—هاملتون زەنگیكی خەتەر بوو كە سیاسەتی ئەمریكای بەرامبەر بەتوركیا بە ئاراستەی رازی بوون بەم داوایانەی توركیا نەخشەی بۆ ئەمریكا داناوە. ئەگەر چی ئیستا خەلیل زاد لەبەر دڵی تالەبانی ئەم داوایانەی توركیا رەت دەكاتەوە بەڵام وەڵامی توركیا لە زمانی ئەردۆغانەوە پیداگری توركیا لە فشارهینان بۆ ئەمریكا بۆ ملدان بە مەرجەكانیان نیشان دەدات. گرتنە دەستی كارتی فشاری سونەكان بۆ توركیا ئەمریكا لەبەرامبەر ئەم داویانەدا درەنگ یان زوو نەرم دەكات و توركیا دەكەویتە دەست دریژی كردنە سەر كوردستان.

خەلكی كوردستان دەبیت لەئیستاوە لە ئاستی دەرەوە و ناوخۆدا بكەونە فشارهینان و رێگەگرتن لە توركیا و ئەو هەرەشانەی بەجدی بگرن و كەمپینی دژی ئەم دەست دریژیانەی توركیا لە ئەوروپادا توند بكەنەوە. ئەم هەڕەشانەی ئیستای توركیا لەئیستاوە ئەوە بەخەڵكی كوردستان دەڵێت كە دەبێت پەلە بكەن لە بەرپاكردنی رفراندۆم و جیابونەوە لە عیراق زوو بكەنە ئەمری واقیع و چیتر دانەنیشین بەدیار خۆشباوەریەكانی یەكیتی وپارتی بەوەی ئەمریكا كوردستان لە هەرەشەكانی توركیادەپاریزی . ئەوەی كوردستان دەپاریزی لەم هەرەشانەی توركیا تەنیا جیابونەوە لە عیراق و پكیهینانی دەولەتی سەربەخۆیە و هاوكات بەرپاكردنی رفراندۆمە لە كەركوكدا بۆ یەكلاكردنەوەی چارەنوسی بەدوور لە دەستوەردانی توركیا.

2007/01/16